
# سیزیف

شیعری (مینه) موحەمەد ئەمین حوسێن
لەندەن



(مینە)

هەموو ساڵێ، لەم کاتەدا
لەم شەوە ئەنگوستە چاوەدا
مۆمی تەمەن ،
پەروانە ئاسا. .
گڕ لە باڵای خۆی بەرئەدا.
هەموو ساڵێ، لە ئازارا
لە دەمەدەمی بەهارا
لەگەڵ شکۆفەی درەخت و دارا
گەڵایەکی سەوزی تەمەن
وەیشوومەی خەزان ئەیبا.
ئەوا ئێستاش
پەنجا ساڵە
ئەم (سیزیفە) کۆڵبەکۆڵە
بە کۆڵێ خۆزگە و هیواوە
رووە و هەوراز هەنگاو ئەنێ
شەکەت نابێ ،
ماندوو نابێ ، هەنگاوئەنێ
لوتکەی بە چاوان نەدیوە
گەرچی هەموو رۆژێ
بەرەو سەدان نشێویی رۆئەچێ
کەچی هێشتا شەکەت نابێ و
هەنگاوئەنێ. . .

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
02/06/2002 03:36

پەنجا ساڵە. . .

هەگبەی ژیانێکی پڕتەنیایی

بەدوای خۆیا بەکێشئەکا

ئەو تەنیایە و. . .

سەیرە ،

تەنیایش بێ ئەم هەڵناکا.

پەنجا ساڵە

شەپۆلە سەرشێتەکان

لە گێژاوی ئۆقیانوسی ئەم ژینەدا

گەمێی حەز و خەونەکانی

ئەهێنێ و ئەبا

کەچی هێشتا بێزارنابێ و

هەنگاوئەنێ. . . .

پەنجا ساڵە. .

سواڵە، سواڵە

مەڵۆ ، مەڵۆ

شارا، شارا

تارمی خەرمانی عەشق ئەبەستێ

کەچی هەرگیز. . بە داوێکی

بسکی کچی خۆر ناگا

ئەی کچی خۆر چاوەڕێتم

پەنجا ساڵە

لەم بەندەری پڕ چاوەڕوانیەدا

چاوەڕێتم تیشکت هەڵکا

چاوەڕێتم تینت لێمبا

پەنجا ساڵە

چاوەڕوانیت ، هەموو رۆژێ

دەیان خانەی لەشم ئەکوژێ

هەر نەهاتی. . . هەر نەهاتی

نە بەسەروەختی ئازار و

نە بۆ پرسەی مەرگی

خانەکانی ئەم جەستە زەبوونەی من

هەر نەهاتی. . . تۆ نەهاتی

دایکیشم مرد. .

www.kurdistannet.org
02/06/2002 03:36

هەواڵی مەرگی ئەویشم پێڕانەگەیاندی
ترسام نەبا تاڵێکی تیشکت هەڵوەرێ و
سەرباری ئەم پەژارەیەی دەروونی خۆم
تاوانێکی وەها گەورەش لە ئەستۆ بنێم
ئەی کچی خۆر
پەنجا ساڵە
چاوەڕوانی بارانێکم
فرمێسکی چاوی تەنیایم بشواتەوە
چاوەڕوانی تین و تاوی هەتاوێکم
شەختە و بەستەڵەکی ئەم ژیانەم بکاتەوە
پەنجا ساڵە
بەفرمانی خواوەندی زۆر
ئەم سیزیفە کۆڵبەکۆڵە
بە کۆڵێ خۆزگە و هیواوە
بەرەو لوتکە هەنگاوئەنێ
شەکەت نابێ، ماندونابێ
هەنگاوئەنێ ،
هەنگاوئەنێ.

٢٠٠٢/٣/٧

www.kurdistannet.org